# شایستەی کانوونی دووەمی ٢٠٢١ ی کۆمپانیا نەوتییەکان

ڕێکخراوت ڕوونبین بۆ شەفافیەت لە پرۆسەکانی نەوت (روونبین) ئەویرە پارانەی کۆمپانیاکانی بەرهەم هێنی نەوت لە مانگی کانوونی دووەمی ٢٠٢١ دا وەریان گرتووە بڵاودەکاتەوە. لەم ڕاپۆرتەدا کۆی ئەویارەیەی لە لەشەش کێڵگە لەلایەن هەشت کۆمپانیاوە وەرگیراوە بریتی بووە لە ١٤٥ ملیۆن و ٦٠٠ هەزار دۆلار. شایستەکان بەم شێوەیەی خوارەوەی وەرگیراوە:

## ١- کێڵگەی تاوکی ( تاوکی – پیشخاپور)

هەریەک لە کۆمپانیاکانی دی ئێن ئۆی نەرویجی وکۆمپانیای گەنێڵ ئەنێرجی تورکی لە کێڵگەی تاوکی خاوەن پشکن. شایستە دارایی ئەو دوو کۆمپانیایە لەو کێڵگەیە بۆ مانگی کانوونی دووەم بریتی بووە لە ٦١,٢ملیۆن دۆلار. تەنها پشکی کۆمپانیا نەرویجییەکە (دی ئێن ئۆ) ٤٢,٤ ملیۆن دۆلار بووە، لەو بڕە ٣١,٩ ملیۆن دۆلار پشکی فرۆش و شایستەی مانگی کانوونی دووەمی کۆمپانیاکە بووە، و بڕی ١٠,٩ ملیۆن دۆلارپشکی کۆمپانیای گەنێڵ ئەنێرجی بووە. هەروەها دی ئێن ئۆ بڕی ٤,٣ ملیۆن دۆلاری داهاتی ٣٪ ی کۆی بەرهەمی کێڵگەکەی لەمانگی کانوونی دووەمی ٢٠٢١ دا وەرگرتووە. کۆمپانیای گەنێڵ ئەنێرجیش ٤,٥٪ ی کۆی داهاتی کێڵگەکە کە بریتی بووە لە ٦,٥ ملیۆن دۆلار (بە پێی ڕیکەوتنێک لە سالْی ٢٠١٧ دا کۆمپانیاکان لەگەڵ هەرێم کردویانە، لە ناوچەی گرێبەستی تاوکی لەیەکێک لە بڕگەکانیا مافی ئەوە دەدات بە گەنێڵ ئەنێرجی و دی ئێن ئۆ ٧.٥٪ کۆی داهاتی کێڵگەکە بۆ ماوەی ٥ ساڵ وەربگرن [ ٣٪ بۆ دی ئێن ئۆ و ٤,٥٪ بۆ گەنێڵ] لەبری ئەو قەرزانەی لای حکومەت هەیان بووە تا پێش ئابی ٢٠١٧ ). هەروەها دی ئێن ئۆ بڕی ٦,٢ ملیۆن دۆلار بۆ ئەو شایستانە وەرگرتووە کە لە ساڵی ٢٠٢٠ دا دوا خراون و گەنێڵیش بڕی ١,٤ ملیۆن دۆلار. ئەمە یەکەم گوژمەیە کۆمپانیاکان وەری دەگرنەوە. تەنها پشکی دی ئێن ئۆ لە شایستەی دوا خراوەی مانگی تشرینی یەکەمی ٢٠١٩ تا شوباتی ٢٠٢٠ لە ئێستادا بریتییە لە ٢٥٩ ملیۆن دۆلار هەروەها کۆمپانیای گەنێڵ ئەنێرجی ئێستا ٦٧,٦ ملیۆن دۆلارە.

بە پێی میکانیزمێک کە حکومەتی هەرێم دایناوە بۆ کۆمپانیا بەرهەم هێنەکانی نەوت لە سەری ساڵی ٢٠٢١ ەوە کاتێک نرخی نەوتی برێنت لەسەرو ٥٠ دۆلارەوەبێت بۆ هەر سەنتێکی زیادە نیو سەنتی بۆ ئەو شایستە دوا خراوانە دەبێت.

| کێڵگەی تاوکی (تاوکی- فیشخاپور)- کانوونی دووەم ٢٠٢١ | | | |
|---|---|---|---|
| جۆری داهات DNO | بر | جۆری داهات گەنێل | بر |
| شایستەی فرۆشی نەوت | ٣١,٩ | شایستەی فرۆشی نەوت | ١٠,٩ |
| کۆی داهاتی کێڵگە ٣٪ | ٤,٣ | کۆی داهاتی کێڵگە ٤,٥٪ | ٦,٥ |
| وەرگرتنەوەی شایستەی دواخراو | ٦,٢ | وەرگرتنەوەی شایستەی دواخراو | ١,٤ |
| کۆ | ٤٢,٤ | کۆ | ١٨,٨ |
| کۆی ئەوپارەیەی لە تاوکی وەرگیراوە بریتی بووە لە ٦١,٢ ملیۆن دۆلار | | | |

کۆمپانیای دی ئێن ئۆ خاوەنی ٧٥٪ پشکەکانەو گەنێل ئەنێرجی خاوەنی ٢٥٪ ی پشکەکانە. ناوچەی گرێبەستی تاوکی لە پارێزگای دهۆکە و پێک دێت لە کێڵگەی تاوکی بەرهەمی رۆژانەی بریتییە لە ٥٣,٨٥٠ بەرمیل و بەرهەمی فیشخاپور ٥٦,٣٢٠ بەرمیل بەسەریەکەوە هەردوو کێڵگەکە بەرهەمیان بریتییە لە ١١٠,١٧٠بەرمیل نەوت.

## ٢ -کێڵگەی شێخان

لە کێڵگەی شێخان کۆمپانیای ( ئێم ئۆ ئێڵ) ی هەنگاری و گۆڵف کیستۆنی بەریتانی پێکەوە ٢٥,٢ ملیۆن دۆلار یان وەرگرتووە بۆ شایستەی کانوونی دووەمی ٢٠٢١ لە کێڵگەی شێخان . لەم برە کۆمپانیای گۆڵف کیستۆنی بەریتانی ١٩,٨ ملیۆن دۆلاری وەر گرتووە کە ١٧,١ ملیۆن دۆلاری شایستەی فرۆشی مانگی کانوونی دووەم بووە و بری ٢,٦ ملیۆن دۆلار بۆ شایستە دواخراوەکان وەرگرتووە. کۆمپانیای ئێم ئۆ ئێڵ شایستەی مانگی کانوونی دووەمی بریتی بووە لە ٤,٨ ملیۆن دۆلار وە بری ٠,٧ ملیۆنی وەکو شایستەی مانگە دوا خراوەکان وەر گرتووە. داهاتی کۆمپانیاکان لەم مانگەدا بەراورد بە مانگی پێشو ٧,٢ ملیۆن دۆلار زیادی کردووە کە دەکاتە رێژەی ٢٨٪. بەرهەمی کێڵگەی شێخان. لە کانوونی دووەم دا رۆژانە بریتی بووە لە ٤٠٥ ,٤٤بەرمیل نەوت. کێڵگەی شێخان دەکەوێتە پارێزگای دهۆک،کۆمپانیای گۆڵف کیستۆن ٨٠٪ ی پشکەکان و ( ئێم ئۆ ئێڵ) پشکی ٢٠٪ ی هەیە لە و کێڵگەیەدا.

| کێڵگەی شێخان - کانوونی دووەم ٢٠٢١ | | | |
|---|---|---|---|
| جۆری داهات - گۆڵف کیستۆن | بر | جۆری داهات - MOL | بر |
| شایستەی فرۆشی نەوت | ١٧,١ | شایستەی فرۆشی نەوت | ٤,٨ |
| وەرگرتنەوەی شایستەی دواخراو | ٢,٦ | وەرگرتنەوەی شایستەی دواخراو | ٠,٧ |
| کۆ | ١٩,٧ | کۆ | ٥,٥ |
| کۆی ئەوپارەیەی لە شێخان وەرگیراوە بریتی بووە لە ٢٥,٢ ملیۆن دۆلار | | | |

## ٣- کێڵگەی ئەتروش

کۆی شایستەی کۆمپانیا نەوتییەکان لە کێڵگەی ئەتروش بۆ مانگی کانوونی دووەم ٢٠٢١ بریتی بووە لە ٢١,٧ ملیۆن دۆلار. کۆمپانیای شاماران کە پشکی ٢٧,٦%کێڵگەکەی هەیە بری ٧,٣ ملیۆن دۆلاری

وەرگرتووە وەکو شایستەی مانگی کانوونی دووەم وە هەروەها پری ١،٠٤ ملیۆن دۆلار بۆ شایستە دواکەوتووەکانی مانگە کانی پێشوو وەرگرتووە کە بەیەکەوە شاماران ٨،٣٤ ملیۆن دۆلاری وەرگرتووە. ئەوەی دەمێنێتەوە لە شایستەی مانگی کانوونی دووەم بریتییە لە ١٤،٤ ملیۆن دۆلار بۆ کۆمپانیای تاقەی ئیماراتییە کە خاوەنی ٤٧،٤%ی پشکەکانە. بەپێی پشکەکان و لەسەر بنەمای ئەو پرەی شاماران وەری گرتووەتەوە، کۆمپانیای تاقە دەبێت پری ٢،١١ ملیۆن دۆلاری وەکو شایستە دواخراوەکان وەرگرتبێت، بەمەش کۆی ئەو پارانەی کۆمپانیاکان لە کێڵگەی ئەتروش وەریان گرتووە بریتیی بووە لە ٢٤،٨٥ملیۆن دۆلار. داهاتی کۆمپانیاکان تەنها لە شایستەی کانوونی دووەم پری ٥،٦٥ ملیۆن زیادی کردووە بەراورد بە مانگی کانوونی یەکەم .

تێکرای بەرهەمی کێڵگەکە لە کانوونی دووەمی ٢٠٢١ دا بریتی بووە لە ٤٧،٤٥٠ هەزار بەرمیل. بەرزترین ڕێژەی بەرهەم لە ٢٠٢٠/٣/٢٧دا بووە کە گەشتووەتە ٥٤ هەزار و٥٥ بەرمیل نەوت.

| کێڵگەی ئەتروش - کانوونی دووەم ٢٠٢١ | | | |
|---|---|---|---|
| جۆری داهات - تاقە | بر | جۆری داهات - شاماران | بر |
| شایستەی فرۆشی نەوت | ١٤،٤ | شایستەی فرۆشی نەوت | ٧،٣ |
| وەرگرتنەوەی شایستەی دواخراو | ٢،١١ | وەرگرتنەوەی شایستەی دواخراو | ١،٠٤ |
| کۆ | ١٦،٥١ | کۆ | ٨،٣٤ |
| کۆی ئەوپارەیەی لە ئەتروش وەرگیراوە بریتی بووە لە٢٤،٨٥ ملیۆن دۆلار | | | |

### ٤ -کێڵگەی سەرتە

کێڵگەی سەرتە دووەمین مانگە شایستەی فرۆشی نەوت وەردەگرێت یەکەم جار کۆمپانیای گەنێل ئەنێرجی شایستەی دارایی مانگی کانونی یەکەمی کێڵگەی سەرتە وەرگرت. شایستەی کۆمپانیاکان لەم کێڵگەیە بۆ مانگی کانوونی دووەم بریتی بووە لە ٣،٧٥ ملیۆن دۆلار . پشکی کۆمپانیای گەنێل ئەنێرجی ١،٥ ملیۆن بووە و ئەو ٢،٢٥ ملیۆنەی دەمێنێتەوە پشکی کۆمپانیای شیڤرۆنە. ئەم کێڵگەیە لە مانگی تشرینی دووەم ٢٠٢٠ بەفەرمی وەک کێڵگەیەکی بەرهەمهێنی بازرگانی ڕاگەیەنرا، بەرهەمی کێڵگەکە زیاتر لە ١٠،٠٠٠ بەرمیل نەوتە لەڕۆژێکدا. کێڵگەی سەرتە دەکەوێتە پارێزگای هەولێرەوە و کۆمپانیای شیڤرۆنی ئەمەریکی پشکی ٥٠٪ و گەنێل ئەنێرجی ٣٠٪ و هەرێم ٢٠٪ ی هەیە.

| کێڵگەی سەرتە - کانوونی دووەم ٢٠٢١ | | | |
|---|---|---|---|
| جۆری داهات - شیڤرۆن | بر | جۆری داهات - گەنێل | بر |
| شایستەی فرۆشی نەوت | ٢،٢٥ | شایستەی فرۆشی نەوت | ١،٥ |
| کۆی ئەوپارەیەی لە سەرتە وەرگیراوە بریتی بووە لە٣،٧٥ ملیۆن دۆلار | | | |

## ٥ – کێڵگەی تەق تەق

گەنێل ئەنێرجی خاوەن پشکی ٤٤% ی کێڵگەی تەق تەقە کۆمپانیاکە بڕی ٢,٦ ملیۆن دۆلاری وەکو شایستەی مانگی کانوونی دووم وەرگرتووە و بڕی ١ ملیۆن دۆلاری لەبری شایستە دواکەوتووەکان وەرگرتووەتەوە، هەروەها کۆمپانیای ئاداکس پەترۆلیۆم پشکی ٣٦% هەیە بەو پێیە بێت کۆمپانیاکە بڕی شایستەی بۆ کانوونی دووەم کردوویەتییە ٢,١٢ ملیۆن دۆلار و شایستەی دواخراویش دەبێت ٠.٨ ملیۆن بوو‌بێت. کەواتە کۆی پارەی وەرگیراو لەلایەن کۆمپانیاکانەوە نزیکەی ٦,٥٢ ملیۆن دۆلارە. بەرهەم لەم کێڵگەیە ٧,٠٠٠ بەرمیل دابەزیوە لە کاتێکدا لە چارەکی سێهەمی ئەمساڵدا ١١,٢٦٠ بەرمیل بووە واتە بەڕێژەی ٣٧٪ بەرهەم کەمی کردووە. بەرهەمی ئەم کێڵگەیە لەساڵی ٢٠١٥ دا ئە ڕۆژانە ١٢٨ هەزار بەرمیل بووە، بەڵام بەهۆی هاتنە ناوەوەی ئاوێکی زۆر بۆ ناو حەشارگە نەوتییەکە بەرهەمی زۆر کەمی کرد و بەردەوامیش بەرهەمی لەکەم کردندایە.

| کێڵگەی تەق تەق - کانوونی دووەم ٢٠٢١ | | | |
|---|---|---|---|
| جۆری داهات - ئاداکس | بڕ | جۆری داهات - گەنێل | بڕ |
| شایستەی فرۆشی نەوت | ٢,١٢ | شایستەی فرۆشی نەوت | ٢,٦ |
| وەرگرتنەوەی شایستەی دواخراو | ٠,٨ | وەرگرتنەوەی شایستەی دواخراو | ١ |
| کۆ | ٢,٩٢ | کۆ | ٣,٦ |
| کۆی ئەوپارەیەی لە تەق تەق وەرگیراوە بریتی بووە لە٦,٥٢ ملیۆن دۆلار | | | |

## ٦- سەرسەنگ

لە کێڵگەی سەرسەنگ هەریەک لە کۆمپانیاکانی ئێچ کەی ئێنی ئەمەریکی خاوەنی ٦٢٪ی پشکەکانە و کۆمپانیای تۆتاڵی فەرەنسی ١٨٪ ی پشکەکان . تەنها پشکی کۆمپانیای ئێچ کەی ئێن لە شایستەی کانوونی دووەم بریتی بووە لە ١٨.٧ ملیۆن دۆلاربووە لەسەر بنەمای پشکی ئێچ کەی ئێن تۆتاڵ دەبێت ٥,٤ ملیۆن دۆلاری وەرگرتبێت. کەواتە شایستەی کانوونی دووەمی کۆمپانیاکان لە کێڵگەی سەرسەنگ بریتی بووە لە ٢٤,١ ملیۆن دۆلار بووە. تەنها کۆمپانیای ئێچ کەی ئێن لەمانگی کانونی یەکەمی ٢٠٢٠ کۆمپانیاکە بڕی ١٦,٣ ملیۆنی شایستەی دواخراوی مانگی ١١ی ٢٠١٩ ی وەر گرتووەتەوە، بەڵام کۆمپانیاکانی تری نەوت دەڵێن لەومانگەدا هیچ بڕە پارەیەکمان وەرنەگرتووە وەکو شایستەی دواخراو.

کێڵگەی سەرسەنگ لە پارێزگای دهۆکە و ئاستی بەرهەمی لە کانوونی دووەمی ٢٠٢١ دا ڕۆژانە بریتی بووە لە ٣١,٥٠٠ بەرمیل نەوت.

| کێڵگەی سەرسەنگ - کانوونی دووەم ٢٠٢١ | | | |
|---|---|---|---|
| **جۆری داهات - ئێچ کەی ئێن** | **بڕ** | **جۆری داهات - تۆتاڵ** | **بڕ** |
| شایستەی فرۆشی نەوت | ١٨,٧ | شایستەی فرۆشی نەوت | ٥,٤ |
| وەرگرتنەوەی شایستەی دواخراوی کانوونی دووەم | ؟ | وەرگرتنەوەی شایستەی دواخراوی کانوونی دووەم | ؟ |
| کۆ | ١٨,٧ | کۆ | ٥,٤ |
| کۆی شایستەی کانوونی دووەم بڕیتی بووە لە٢٤,١ ملیۆن دۆلار بەڵام وەرگرتنەوەی شایستەی دواخراو نازانین | | | |

## هەولێر

لە کێڵگەی هەولێر و کۆمپانیای فۆرزا پێترۆلیۆم کاردەکات و پشکی ٦٥٪ لە کێڵگەکەدا هەیە لە ئێستادا شایستەکانی بۆ مانگی تشرینی دووەم و کانوونی یەکەم ٢٠٢٠ و کانوونی دووەمی ٢٠٢١ ڕانەگەیاندووە. زۆر جار ئەم کۆمپانیایە بەشێوەی وەرزی ڕاپۆرتی چالاکییەکان و شایستەکانی ڕادەگەیەنێت.
کۆمپانیای کار لە کێڵگەی خورمەڵە و گازپرۆم لە گەرمیان دوو کۆمپانیان تائێستا بەهیچ شێوەیەک شایستەکانیان ڕانەگەیاندووە.

**کۆی بەرهەمی نەوتی ئەو کێڵگانەی کە شایستەی مانگی کانوونی دووەمیان ڕاگەیاندووە بریتییە لە ٢٥٠،٥٢٥ بەرمیل نەوت کە دەکاتە ٥٥٪ ی کۆی بەرهەمی هەرێم. شایستەی دارایی ئەو کۆمپانیایانە لەو شەش کێڵگەدا کە وەریان گرتووە بریتییەلە ١٤٥,٦٢ ملیۆن دۆلار.**

| پارەی دراو بە کۆمپانیا نەوتییەکان (تەنها ئەوانەی ڕاگەیەنراوە)بۆ کانوونی دووەمی ٢٠٢١ | | |
|---|---|---|
| # | کێڵگە | بڕی پارەی وەرگیراو/ملیۆن دۆلار |
| ١ | تاوکێ | ٦١,٢ |
| ٢ | شێخان | ٢٥,٢ |
| ٣ | ئەتروش | ٢٤,٨٥ |
| ٤ | سەرتە | ٣,٧٥ |
| ٥ | تەق تەق | ٦,٥٢ |
| ٦ | سەرسەنگ | ٢٤,١ |
| # | کۆ | ١٤٥,٦٢ |

لەگەڵ دابەزینی نرخی نەوتدا لە مانگی ئازاری ٢٠٢٠ دا حکومەتی هەرێمی کوردستان بە کۆمپانیا نەوتییەکانی ڕاگەیاند کە بەشێوەی مانگانە شایستە داراییەکانیان پێ دەدات، لە وکاتەوە تاوەکو ئێستا هەرێم بەشێوەیەکی بەردەوام هەموو مانگێک و لەکاتی خۆیدا شایستەی کۆمپانیا نەوتییەکان بەبێ دواکەوتن دەدات. تا ئێستا دە (١١ )مانگ لەسەر یەک شایستەکان وەرگیراوە، دواترینیان شایستەی مانگی کانوونی دووەمە. وەهەر لە مانگی ئازاردا حکومەتی هەرێم بە کۆمپانیا نەوتییەکانی ڕاگەیاندووە کە شایستەی مانگەکانی تشرینی دووەم و کانوونی یەکەم ٢٠١٩ و کانوونی یەکەم و شوباتی ٢٠٢٠ دوادەخات تا ئەوکاتەی نرخی نەوتی بڕێنت دەگاتە ٥٠ دۆلار. کۆمپانیا نەوتییەکان لە گەڵ شایستەی کانوونی دووەمدا یەکەمین بڕی شایستە دواخراوەکانیان وەرگرتەوە.